www.kurdistannet.org

# ڕەخنەی مارانە

حەمەسەعید حەسەن

مەبەست لە مەرگی نووسەر، لە دایکبوونی نووسەرێکی دیکەیە لە کاتی خوێندنەوەدا. ئاخر خوێنەر لەو دەقەی دەیخوێنێتەوە، دەقێکی دی بەرهەم دێنێ. مەرگی نووسەر وەک بزربوونی ئەو دەنکە گەنمەیە، کە بە لە ناوچوونی، گوڵەگەنمێک لە دایک دەبێ. وەک چۆن دەنکەگەنمێک دەبێتە گوڵەگەنمێک، تاقە دەقێکیش چونکە گەلێ خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ، دەبێتە چەندان دەق.

مانای دەق ئەوە نییە کە نووسەر دەستنیشانی دەکا، ئەوەیە کە خوێنەر دەیدۆزێتەوە. دوورتر دەڕۆم و دەڵێم: دەق پێش خوێندنەوەی مانایەکی دیاریکراوی نییە. هەموو دەقێ کراوە و تەواو نەکراوە، ئەوە خوێنەرە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە، لەبەر ڕۆشنایی پێشینەی ڕۆشنبیریی خۆیدا تەواوی دەکا.

خوێنەر دەشێ وەک دەروونشیکارێ سەرنجی دەق بدات، یان وەک بونیادخوازێ سەرقاڵی کردنەوەی شفرەکان بێ و تەنیا زمان، ریتم، شێواز و لایەنە شیعرییەکانی دەقی لا گرنگ بن. یان بیر و هۆشی تەنیا لای ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەق بێ، پەیام و فیکری مەبەست بێ، خەریکی دەستنیشان کردنی ناوەڕۆکی نامەی دەق بێ، شێوە تەنیا بە پێوەندیی لەگەڵ نێوەڕۆکدا ببینێ و باڵاترین فۆرمی، بێ کاکڵێکی جوان، پێ هیچ بێ. یان تەنیا سەرقاڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکان و گوتنی ئەو شتانە بێ، کە دەق لێیان بێدەنگ بووە. دەشێ خوێنەر بەچاوپۆشین لەوەی کێ دەقەکەی نووسیوە؟ کەی نووسیویەتی؟ لە کوێ نووسیوێتی؟ تەنیا بە دوای مەدلوولی دالەکاندا وێڵ بێ.

*

شیعر، با کێش و سەرواشی هەبێ، دوای وەرگێران، ئەگەرچی وەک پەخشان، دێتە بەر چاومان، وەلێ شیعربوونی خۆی لە کیس نادات. شیعر دەتوانێ دەستبەرداری پاشبەند و کێش ببێ، بەڵام تا شیعر بمێنێ، پێویستی بە ریتم دەبێ. درێژدادڕی بە هێند نەگرتنی ریتمە، یان ڕاستتر، کوژاندنەوەی ئەو کڵپەیەیە، کە شیعر لە ناشیعر جیا دەکاتەوە. ئێستا کە خۆری سنووری نێوان شیعر و پەخشان ئاوا بووە، کڵپەی شیعری لە ڕێی دەست بە وشە گرتنەوە دابین دەکرێ. شیعری پوخت، هەمیشە زادەی کەمترین وشەیە.

دەست بە وشەوە گرتن، شاعیر لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزێ. ڕاستەوخۆیی تەنیا لە بڵندکردنەوەی دروشمدا بەرجەستە نابێ. بەرجەستەکردنی هەڵچوون، سۆز و گرژییە دەروونییەکانی شاعیر، با لە بوارێکی ناسکی وەک ئەوینیشدا بێ، هەر ڕاستەوخۆیی لێ دەکەوێتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شیعر و نامەی دڵداریدا نامێنێ. شیعر لەوە مەزنترە بکرێتە ئامێرێک بۆ بە بادانی ئەو خەمە ڕۆژانەییانەی لە دەروونی شاعیردا پەنگیان خواردووەتەوە. پەنا بردنە بەر دەمامک، یەکێکە لەو ڕێگایانەی شاعیر لە ڕاستەوخۆیی دەپارێزێ.

چونکە شاعیر بێجگە لە زمان هیچی دیکە شک نابا، نامەی شیعریی خۆی پێدا بنێرێ، بۆیە ناچارە زمان بکاتە پردێ، نەک دیوارێ، لە نێوان خۆی و وەرگردا. بەشێکی گرنگ لەوانەی بە نووسینی (شیعر)ەوە سەرقاڵن، لەبری بنیاتنانی پرد، خەریکی ڕۆنانی دیوارن. وەک چۆن ئینسان لە هەموو فەلسەفەیەک پیرۆزترە، هەرواش شیعر لە هەموو بیرۆکەیەک گرنگترە، بەڵام ئەو شاعیرەی هیچ شتێ بە خوێنەرییەوە نابەستێتەوە، ئەوی دەینووسێ هەر چییەک بێ، شیعر نییە. ئاخر شیعر ئەوە نییە کە بنووسەکەی بە

www.kurdistannet.org

شیعری بزانێ، ئەوەیە کە شەیدایانی شیعر، دەرگای ئامێزی دڵیانی بۆ دەکەنەوە.

ئایا هەرچی دەستی دایە شیعر نووسین، دەتوانێ خۆیمان لێ بکا بە خەیام، یان تاگوور و بانگەشە بۆ ئەوە بکا کە خاوەنی جیهانبینیی تایبەت بە خۆیەتی؟ شیعر کە خۆی پرسیارە، ئایا خوێنەر ناچارە لە شیعردا بە دوای وەڵامە مەعریفی و فەلسەفییەکاندا بگەڕێ؟ ئێمە کە لە زۆربەی بوارە مەعریفییەکاندا، هەژارین، ئایا دەکرێ بانگەشە بۆ ئەوە بکەین کە شیعری نوێمان سەرچاوەی مەعریفەیە؟ شیعر لە بۆشاییەوە سەرهەڵنادا، دەشێ ئەستێرەی ئەم فیکر، یان ئەو فەلسەفە، بەم یان بەو شێوە، بە ئاسمانی شیعرەوە بدرەوشێتەوە، وەلێ ئەوی شەیدای گەڕان لە دووی فیکر، یان فەلسەفە بێ، وڵاتی شیعری بۆ ناگەڕێ. وەک چۆن ئەوی شەیدای شیعر بێ، ئەدونیس دەخوێنێتەوە، نەک ئەرستۆتالیس، ئەوی تامەزرۆی فەلسەفەیش بێ، هیگڵ دەخوێنێتەوە، نەک دلاوەر قەرەداغی.

وشە، پیرۆز و پۆخڵ نییە. شاعیر دەتوانێ گیانێکی باڵا بە بەر کووچەییترین وشەدا بکا. سەعدی یوسف، دەربارەی ‹ریل و حمد›ی موزەففەر نەوواب، کە بە زمانێکی میللی نووسراوە، دەڵێ: ( بە یارمەتی ئەو شیعرە، بووم بە شاعیر.)(١) نیزار قەبانی و ئەدونیس، ئەمیان روون و ئاشکرا، ئەویان تەمومژاوی دەنووسێ، وەلێ هەردووکیان مامۆستای هونەری شیعرن. گومانم لە توانای شیعریی هەموو ئەو شاعیرە کوردانە هەیە، کە بە شێوازێکی ئاڵۆز دەنووسن و بێتوانایی خۆیان، لەودیو پەردەی ئاستنزمی خوێنەرەوە، دەشارنەوە.

فلان بەرهەم لەسەر شێوەی کۆن نووسراوە، یان نوێ؟ بە کێشی پەنجە نووسراوە، یان بە پەخشان؟ ڕۆمانتیکە، یان کلاسیک؟ واقعییە، یان سوریالی؟ بنووسەکەی نەریتخوازە، یان پۆستمۆدێرنیست؟ نەوەی نوێیە، یان کۆن؟ گرنگ وەڵامی ئەم پرسیارانە نییە. ئەوە گرنگە بەرهەمەکە شیعرە، یان نا، چونکە بە درێژایی مێژووی شیعر، تەنیا دوو جۆر بەرهەم هەبوون: شیعر و ناشیعر.

جێی سەرنجە هەندێ شاعیری هەولێرنشین، ئەگەرچی بە شێوازێ دەنووسن، کە هەشتا ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپاوە سەری هەڵداوە، کەچی پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە! میوەی شیعر، دەبێ بەرهەمی درەختی ڕەنجی خودی شاعیر بێ، نەک لە باخێکی بخوازێ، هەزاران میل لە زێدی خۆیەوە دوور بێت و دەیان ساڵ بەر لە ئێستا وەختی ڕنینی هاتبێ. سوود لە ئەزموونی گەلانی دراوسێ و دوور وەرگرتن، شتێکە و خواستنی میوەی باخی کەسانی تر، شتێکی ترە. شیعر چونکە لە سەرچاوەی هەست و نەستی ئینسانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەوی ڕاستگۆیانە خولیاکانی خۆی بەرجەستە نەکا، پێش خوێنەر، خۆی فریو دەدا. ئاخر نە واقیعی کوردستان و نە خودی ئەو شاعیرانە، هیچیان زەمینەی لەباری ئەو هەموو ‹شۆڕشە شیعرییانە!› نین، کە لەم پازدە ساڵەی دواییدا لە کوردستانەوە جاڕ دراون.

*

دەق ئەوە نییە کە لە دوو توێی کتێب یان گۆڤارێکدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوەیە کە لەگەڵ خوێنەردا دەکەوێتە وتووێژەوە. شیعر ئەوە نییە کە لە دیواندا هەیە، ئەوەیە کە وەک شیعری نالی، شێخ ڕەزا، گۆران، هەڵمەت و پەشێو، لەسەر پەڕەی دڵی خوێنەر نووسراوەتەوە. بەرهەمی هیچ کەس بەوەی چەند ناسیاوێکی بە باڵایدا هەڵبڵێن، نابێتە دەقی باڵا.

زۆربەی ئەو ‹هەڵسەنگاندنە ئەدەبییانەی› لە دوای ڕاپەڕینەوە بڵاو دەکرێنەوە، ڕەنگدانەوەی پێوەندیی دووقۆڵی نێوان دوو کەسن، کە یەکێکیان خۆی پێ ڕەخنەگر و ئەوی تریان خۆی پێ داهێنەرە. ئیسماعیل حەمەمین سەبارەت بە بەرهەمی نزیکترین هاوڕێی کە بە دووقۆڵی کۆمەڵە شیعریشیان بڵاو کردووەتەوە، دەڵێ: (لە دێڕە شیعرییەکانی هیوا قادری ئازیزدا ئەو گفتوگۆ کراوەیە درێژبوونەوەیەکی ترسناکی

www.kurdistannet.org

هەیە.)(٢) با هیوا دۆستی ئازیزی ئیسماعیلیش بێ، وەلێ مەرج نییە نزیکترین دۆستمان، چاکترین شاعیریش بێ. هیوا قادر، چونکە یەکێکە لە هاورێ هەرە نزیکەکانی بەختیار عەلی و پێکەوە گۆڤاریش دەردەکەن، کە باسی ‹ئێوارەی پەروانە›ی نووسەری ناوبراو دەکا، دەڵێی باس، باسی یەکێکە لە شاکارەکانی شەکسپیر!(٣)

رامان، بەوەی لە هەمان روانگەی دۆستایەتییەوە، بەشێکی گرنگی ژمارە ‹٥١›ی خۆی بۆ بنووسی ئێوارەی پەروانە تەرخان کرد، ئاوی بە ئاشی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە مارانەیدا کرد، کە لە دوای راپەرینەوە، لە نێوان ئەوانەدا کە خۆیان بە پۆستمۆدێرنیست نێوزەد دەکەن، برەوی پەیدا کردووە. زۆربەی ئەو باسانەی لەو تەوەرەدا بڵاو کرانەوە، بریتی بوون لە تۆپەڵە قسەی بێ نێوەرۆک، کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە بەرهەمی نووسەری تەوەر بۆ ساز کراوەوە نەبوو. رامان بەو هەنگاوەی لە سەنگینی خۆیی کەم کردەوە.

ئالان سوکاڵ کە مامۆستای زانکۆی نیویۆرکە، لێکۆڵینەوەیەکی ساختە، بە مەبەستی گاڵتەجارێ، بۆ گۆڤاری ناوداری Social Text دەنێرێ. نووسینەکە بە جۆرێ دادەرێژێ کە لە بەرهەمی قەڵەمی (پۆستمۆدێرنیستەکان) بچێ و بە شێوەیەکی فریودەرانە پری دەکا لە تۆپەڵە زاراوە و دەربڕینی سەخت و ئاڵۆز، لەوانەی کە لە نێوان پۆستمۆدێرنیست و بونیادخوازەکاندا باون. ئەم فێڵە بەسەر گۆڤارەکەدا تێپەڕ دەبێ و نووسینەکە لە ژمارە ٤٦/٤٧ی ساڵی ١٩٩٦ دا، لە لاپەرەکانی ٢١٧ تا ٢٥٢ دا بڵاو دەکرێتەوە.

دوای ئەم سکانداڵە، ئەو زانا ئەمریکاییە، روونکردنەوەیەک سەبارەت بەو گەمەیە، بۆ گۆڤاری فریوخواردوو دەنووسێ. گۆڤاری ناوبراو، روونکردنەوەکە بڵاو ناکاتەوە و دەرگا بە رووی وتووێژدا دەربارەی ئەو سکانداڵە دادەخا. ئیدی ئالان سوکاڵ روونکردنەوەکەی لە ژ: ٦ی گۆڤاری Lingau Franca دا بڵاو دەکاتەوە.

شیاوی گوتنە رۆژنامەکانی: نیویۆرک تایمز، هیراڵد تریبیۆن، ئۆبزێرڤەر و لۆموند، لە لاپەرەکانی یەکەمیاندا، سەرنجی خوێنەرانی خۆیانیان بۆ ئەو سکانداڵە رۆشنبیرییە راکێشا. دواتر گەلێ نامەی پشتگیری لە مامۆستایانی زانکۆ و خوێنەرانەوە بەسەر ئەو رۆژنامانەدا بارین، لە هەموویان کاریگەرتر نامەی خوێندکارێ بوو، کە تێیدا دەڵێ: (پارەکانم، ئەوانەی لە ساڵانی خوێندنمدا، سەرفم کردن، بە فیرۆ چوون، تەواو وەک ئەو پارانەی، شا لە چیرۆکەکەدا، بۆ پۆشاکە وەهمییەکەی سەرفی کردن.)(٤)

لە کۆتایی ساڵانی شەستدا، دوو سێ جار ‹شیعر›م بۆ هەفتەنامەی راپەرین، کە لە سلێمانی دەردەچوو، نارد، بەڵام هیچیانی بڵاو نەکردەوە. ئەو وەختە چونکە پێم وابوو، شیعری من هیچی لە هی مەدهۆش، کە زوو زوو راپەرین بۆی بڵاو دەکردەوە، کەمتر نییە، هاتم شیعرێکم بە ناوی ئەوەوە بۆ هەفتەنامەی ناوبراو نارد و یەکسەر بڵاو کرایەوە. بەشێکی گرنگ لە نووسەران و شاعیرانی ‹مۆدێرنیست› و ‹پێشرەو›ی ئەم سەردەمە، هەر وەک ئەوسای من دەکەن، وەلێ لەبری گۆڕینی ناوی خۆیان، پەنا بۆ تەمومژی ساختە، زاراوەی نامۆ و دەربڕینی ئاڵۆز دەبەن.

سەرچاوەکان:
(١) فاطمە المحسن، سعدی یوسف النبرە الخافتە فی الشعر العربی الحدیث، ص ١٧٥ دار المدی ٢٠٠٠ دمشق.
(٢) ئیسماعیل حەمەمین، نووستن لە نێو بوونی ئاودا، گەلاوێژینوێ، ژ: ٢٠، ل ٣٨ سلێمانی ٢٠٠٠
(٣) هیوا قادر، ‹ئێوارەی پەروانە› لە نێوان جەنگی عەشق و جەنگی فیکردا، گزینگ، ل٦٨، ژ: ٢٨ سوێد. هەمان باس لە ل٩٣ی ‹رامان›ی ژ: (٥١)یشدا بڵاو کراوەتەوە .
(٤) فوزی کریم، ثیاب الامبراطور، الشعر و مرایا الحداثە الخادعە، ص ٥١ دار المدی ٢٠٠٠ دمشق.